## بەرشەلۆنە بە جیاوازی گۆڵ پێشەنگی خولی ئیسپانیا لە ڕیال مەدرید وەردەگرێتەوە



لە میان یارییەکانی هەفتەی 24ی خولی ئیسپانیا یانەی بەرشەلۆنە ڕووبەڕووی ڕایۆ ڤایکانۆ بووەوە.

گەمی یەکەم، هەردوو یانە بە بەهێزی دەستیان پێکرد و لە خولەکی 28 لیڤا بە لێدانی سزا بەرشەلۆنەی پێشخست، هەرچەندە ڤایکانۆ لە خولەکی 42 گۆڵێکی تۆمارکرد بەڵام ناوبژیوان بە بیانووی ئۆفسایدەوە ڕەتیکردەوە، نیوەی یەکەمیش بەو ئەنجامە کۆتایی هات.

لە گەمی دووەم، یارییەکە بەهێزی زیاتری بەخۆیەوە بینی و ڤایکانۆ هەوڵی یەکسانکردنەوە و بلاوگرانا بەدوای یەکلاکردنەوەی ئەنجامەکە دەگەڕان بەڵام هیچکامیان سەرکەوتوو نەبوون.

سەرئەنجام یارییەکە بە گۆڵێکی بێوەڵام لە سودی بەرشەلۆنە کۆتایی هات، بەو بردنەوەیەش بەرشەلۆنە بە کۆکردنەوە 51 خاڵ گەڕایەوە پێشەنگی ریزبەندیی.